لەنێوان گەڕی چوارەم لە تەمموز بۆ ئەیلولی ٢٠٢٢، و گەڕی پێنجەم لە تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ دا، گەورەترین کەمبوونەوە لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە دۆخی سەخت و دژواری ژیان و گوزەران دان لە پارێزگای سەڵاحەددین تۆمارکرا بە (٤,٢٣٦- کەس)، ئینجا لەپارێزگای بەغدا بە (١,٣٨٦- کەس).

کەمبوونەوەی پارێزگای سەڵاحەددین-یش بەزۆری هی قەزای تکریت بوو ئەمەش بەهۆی بەرەوپێشچوون و باشتربوونی بوارەکانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان بوو، لەگەڵ باشتربوونی دەرخەرەکانی هەبوونی بڕی پێویستی ئاو و کارەبا.

کەمبوونەوەکانی پارێزگای بەغداش لە قەزاکانی محمودیە، تارمیە و ئەبوغرێب تۆمارکران کە ئەوانیش بەهۆی بەرەوپێشچوون و باشتربوونی بوارەکانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان بوو، لەگەڵ باشتربوونی دەرخەرەکانی هەبوونی بڕی پێویستی ئاو و کارەبا بوو. سەرەڕای ئەمانەش، بواری کاروکاسبی بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیبوو کە بەزۆری بەهۆی باشتربوونی ئاستی خستنەسەرکار و دۆخی دارایی خێزانە ئاوارەکانەوە بوو.

خشتەی١: ژمارەی ئاوارەکان و شوێنەکان لە هەر پارێزگایەک بەپێی جۆر و ئاستی سەختی دژواری دۆخی ژیان و گوزەران

| | بەرز | | ماماناوەند | | نزم | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان |
| ئەنبار | ١٧,٧٧٨ | ٢٨ | ١١,٥٤٤ | ٣٧ | ٦,١١٤ | ٥٥ | ٣٥,٤٣٦ | ١٢٠ |
| بابل | | | ٤٩٢ | ٢ | ١٥,٧٤٤ | ٨٦ | ١٦,٢٣٦ | ٨٨ |
| بەغدا | ٧,٨٦٠ | ٩ | ٥,٦٥٢ | ٣٩ | ١٢,٩٧٨ | ٣٥٥ | ٢٦,٤٩٠ | ٤٠٣ |
| بەسرە | ١٠٢ | ٣ | ٥٤٠ | ٢٤ | ٤,٥٠٠ | ١٥٩ | ٥,١٤٢ | ١٨٦ |
| دهۆک | | | ٢١,٦٥٤ | ٣ | ١١٥,٩٠٢ | ١٥٤ | ١٣٧,٥٥٦ | ١٥٧ |
| دیالە | ١٨ | ١ | ١٩,٢٨٤ | ٦١ | ٢٤,٥٨٢ | ١٢١ | ٤٣,٨٨٤ | ١٨٣ |
| هەولێر | ٨٤ | ١ | ٢٥,٣٥٦ | ١٥ | ١٩٣,٣٢٦ | ١٤٢ | ٢١٨,٧٦٦ | ١٥٨ |
| کەربەلا | | | ٤,٩٩٢ | ١٥ | ٥,٥٨٦ | ٧٣ | ١٠,٥٧٨ | ٨٨ |
| کەرکووک | ٥١٦ | ٣ | ٤٤,٩٤٠ | ١٩ | ٤٧,١٥٤ | ٥٨ | ٩٢,٦١٠ | ٨٠ |
| میسان | | | | | ١,٧٤٦ | ٧٣ | ١,٧٤٦ | ٧٣ |
| موسەننا | ٣٦ | ٢ | ٤٢ | ٥ | ٧٢٠ | ٤٠ | ٧٩٨ | ٤٧ |
| نەجەف | ٥١٠ | ١ | ٧,١٩٤ | ٥٠ | | | ٧,٧٠٤ | ٥١ |
| نەینەوا | ١٠,٦٧٤ | ١٩ | ٦٦,٥٥٨ | ٨٤ | ١١٩,١٥٤ | ١٧١ | ١٩٦,٣٨٦ | ٢٧٤ |
| قادسیە | | | ٢,١١٢ | ٤٠ | ٦٩٠ | ١٦ | ٢,٨٠٢ | ٥٦ |
| سەڵاحەددین | ١٦,٢٤٨ | ٣٧ | ٢٦,٦٨٨ | ٥٠ | ٦,٤٢٦ | ٢٧ | ٤٩,٣٦٢ | ١١٤ |
| سلێمانی | | | ٣٢,٦٧٦ | ١٠١ | ٩٤,٤٢٢ | ٣٣٨ | ١٢٧,٠٩٨ | ٤٣٩ |
| زیقار | | | ٩٦ | ١ | ٢,٦٦٤ | ٦٨ | ٢,٧٦٠ | ٦٩ |
| واست | | | ٤٥٦ | ٢ | ٣,٨١٦ | ٧٤ | ٤,٢٧٢ | ٧٦ |
| **کۆی گشتی** | **٥٣,٨٢٦** | **١٠٤** | **٢٧٠,٢٧٦** | **٥٤٨** | **٦٥٥,٥٢٤** | **٢,٠١٠** | **٩٧٩,٦٢٦** | **٢,٦٦٢** |

